# کچانی ئەکاد چاویان لە نازناوی پاڵەوانی عێراقە

**تیپی تۆپی باسکەی کچانی یانەی ئەکاد یەکێك لەو تیپانەیە کە ماوەی زیاتر لە چەند مانگێکە لە ئامادەکاریدایە بۆ بەشداریکردن لە خولی باسکەی نایابی کچانی یانەکانی عێراقی کە بڕیارە یارییەکانی سبەی سێ شەممە لە شاری سلێمانی بە بەشداریی هەشت یانەی شارەکانی عێراق و کوردستان دەست پێبکات، تیپی کچانی یانەی ئەکادیش ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی تر بە تیپێکی تەواو لاوانەوە بڕیاری بەشداریکردنیان داوە، سەرەڕای ئەوەی تیپەکانیان قەیرانی دارایی هەیە، بەڵام کچانی ئەکاد چاویان لە نازناوی خولی باسکەی یانەکانی عێراقە و ڕۆژانەش مەشقی چڕدەکەن بۆ ئەوەی بتوانن باڵادەستیی خۆیان بە سەر خولی باسکەی عێراق بهێڵنەوە. لە ساڵانی ڕابردووش ئەکاد تیپێکی بەهێز بووە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان. لەم ڕاپۆرتەشدا چۆنیەتی ئامادەکارییەکانی تیپەکە دەخەینەڕوو.**



**بنێتا شمایل یاریزانی تیپی باسکەی کچانی ئەکاد لە بارەی ئامادەکارییەکانیان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** «ئێمە ماوەیەکە بە بەرنامەیەکی زۆر باش ئامادەکارییەکانمان دەستپێکردووە، ئومێدی زۆرمان بە خۆمان هەیە، کە بتوانین ئەنجامی شایستە بە دەست بهێنین، ئەمساڵیش ئێمە جیاوازین، چونکە تیپێکی تەواو لاوین و دەتوانین کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە بکەین لەم وەرزەدا، دەستەی ڕاهێنەرانیش بە شێوەیەکی زۆر تۆکمە ئێمەیان ئامادە کردووە، ئەمساڵیش یانەکانی کوردستان بە شێوەیەکی باش بەشداری دەکەن، بۆیە ئێمەش دەمانەوێ کێبڕکێ لەگەڵ تیپی تر بکەین لە خولی کوردستان، گرفتی داراییش لە زۆربەی یانەکانی کوردستان هەیە، بەڵام سوپاس بۆ دەستەی کارگێڕی و سەرۆکی یانەکەمان کە نەیانهێشتووە و هیچ کەم و کورتییەکەمان هەبێت.

**ڕەنا جەمیل یاریزانی تیپی باسکەی کچانی ئەکادەو ئەویش لە بارەی ئامادەکارییەکان وتی:** هەموو ساڵێك کێبڕکێی بەهێز هەیە لە نێوان تیپە بەشداربووەکانی خولی نایابی باسکەی عێراقی، ئێمەش هەموو ساڵێك بەشداریمان کردووە و ئەنجامەکانیشمان لەسەر ئاستی عێراق بەرچاو بووە، ئەمساڵیش بە ڕاهێنەرێکی بەتوانا ئامادەکارییەکانمان دەست پێکردووە و بە پشتگیری دەستەی کارگێڕی یانەکەمان کە هەموو کات پشتی ئێمە بووە، بۆ ئەوەی ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، ئەمساڵیش تیپەکەمان هەمووی کچە یاریزانانی لاوی شارۆچکەی عەنکاوەین و چاومان لەوەیە کە بتوانین ئەنجامی گەورە لە سەر عێراق بەدەست بهێنین و ببینە پاڵەوانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، ئامادەکاری زۆر چڕیشمان کردووە بۆ ئەوەی بە تەواوی ئامادە بین بۆ کێبڕکێیەکان،» لە بارەی گرفتەکانیش ڕەنا گوتی: «هیچ گرفتێکی ئەوتۆمان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئێستا گرفتی دارایی هەموو لایەکی گرتۆتەوە، ئومێدەواریشین لایەنی بەرپرس هاوکاریی ئێمە بکات بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو نوێنەری کچانی هەولێر بتوانین بە ئەنجامە باشەکانمان سەری یانەکەمان و شارەکەمان بەرز بکەینەوە، ئەو ئومێدەش لەسەرجەم یاریزانانی تیپەکەمان و



دەستەی ڕاهێنەران هەیە، بۆیە دڵنیاین لە بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە».

**رومراما نەنۆ یاریزانێکی دیکەی باسکەی ئەکادە و ئەویش لە بارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکەی گوتی:**

«دەستەیەکی ئاست بەرزی ڕاهێنەران سەرپەرشتیمان دەکەن رۆژانە مەشقی چڕمان کردووە و تەکنیکە نوێیەکانیان بە ئێمە گوتووە، ئێمەش وەکو دەستەی یاریزانان بە تەواوی ڕێنمایی و پلانەکانی دەستەی ڕاهێنەران جێبەجێ دەکەین. تیپە بەشداربووەکانی ئەمساڵیش ئاستیان باشە و ئێمەش وەکو یاریزانان بەڵێنی بەدەستهێنانی نازناوی خولی باسکەی عێراقیمان داوە و پەنا بەخوا ئەم نازناوە دەهێنینەوە بۆ شاری هەولێر، سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکەشمان دەکەین کە هاوکاری بەردەوامی تیپەکە بوون.»

**یەزین شەریف ڕاهێنەری پیشەگەری بە ڕەگەز سووریی تیپی قوتابخانە و کچانی باسکەی ئەکاد لە بارەی بەشداری کردنیان لە خولی باسکەی عێراق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** «ئامادەکارییەکانمان زۆر باشە بۆ پاڵەوانێتیی خولی باسکەی کچانی یانەکانی عێراقی، وەکو دەستەی ڕاهێنەران ماوەیەکە لەگەڵ ئەم تیپەین بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە ئامادە بکەین بۆ بەشداریکردن لەم خولە، سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان دەکەین کە ئەوان بەردەوام پشتیگری تیپی کچانی یانەکەیان کردووە، بە سوپاسەوە رۆژانە لە مەشقەکان سەرجەم یاریزانان ئامادەی مەشقەکان دەبن و ئێمەش ڕێنماییەکان و پلانەکانیان لەسەر جێبەجێ دەکەین، سوپاسی خانەوادەی یاریزانانیش دەکەین کە بەم گەرمایە رۆڵەکانیان دەنێرن بۆ ئەوەی هەموومان بە یەکەوە ناوی یانەی ئەکاد بەرز بکەینەوە.» لە بارەی بەدەستهێنانی نازناوەکەش گوتی: «ئێمە ئامادەکاری ئەوەمان تێدایە کە کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم یاریزانانی تیپەکانی تر بکەین بۆ ئەوەی ئەنجامی گەورە لەسەر ئاستی عێراق بەدەست بهێنین، هیچ کێشەو گرفتێکیشمان نییە لە ریزی یانەی ئەکاد، بۆیە بە پشتیوانی هەموو لایەك دەتوانین ببینە پاڵەوانی یانەکانی عێراق، لەوێشەوە ببینە نوێنەری یانەکانی عێراق لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا».

ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی

# ماریۆ گۆتزە بیر لە ئەرسنال دەکاتەوە

ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا ئاماژەیان بۆئەوە کردوە یاریزانی ئەڵمانی ماریۆ گۆتزە یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بایرەن میونشن بەباشی دەزانێت روو بکاتە یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی لەماوەی گواستنەوەی هاوینەی ئێستادا. لای خۆشیەوە ڕۆژنامەی میترۆی ئینگلیزی رایگەیاندوە گوتزە بەدەست پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەر دەناڵێنێت و ئەو ڕاهێنەرە بۆتە هۆکاری جێهێشتنی ریزەکانی یانە باڤاریەکە لەماوەی داهاتوودا.

هەروەها ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە لە ئەگەری ڕۆیشتنی گۆتزە ئەوە باشترین شوێن بۆ ئەو یاریزانە کە رووی تێبکات یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزیە، چونکە ئارسین فینگەری ڕاهێنەر بڕی ٤٩,٦ ملیۆن پاوەندی بۆ ئەو یاریزانە ئامادەکردوە. شایەنی وتنە گۆتزە رۆلێکی کارای هەبوو لە مۆندیالی ٢٠١٤ بەرازیل بۆ هەڵبژاردەکەی کاتێك لەیاری کۆتایی گۆڵی سەرکەوتنی لەهەڵبژاردەی ئەرژەنتین تۆمار کرد.



# ریڤاڵدۆ:
# تاوتوێی ئەو بۆندە دەکەم کە لە ئەمەریکاوە پێم گەیشتووە

دوای دابرانی بۆ ماوەی ساڵێك و سێ مانگ جارێکی تر ریڤاڵدۆی بەرازیلی و یاریزانی پێشووتری یانەی بەرشلۆنە بڕیاریدا بگەڕێتەوە یاریگاکان و درێژە بەکاروانی وەرزشی خۆی بدات. بۆ ئەم مەبەستەش ریڤالدۆ دەیەوێت لەگەڵ تیپی مۆگی میریم دەست پێ بکاتەوە ئەو تیپەی کە لەماوەی کۆتاییەکانی ٢٠٠٨تا ٢٠١٥ وەك سەرۆکی ئەو تیپە دەردەکەوت. ریڤالدۆی بەرازیلی کە باشترین یاریزانی جیهان دەرچوو لەساڵی ١٩٩٩ جارێکی گەڕایەوە ئەو تیپە و دەیەوێت یارمەتی تیپەکە بدات کە لەریزی پلە دووەکانی بەرازیل یاری دەکات، هەرچەندە ئەو یاریزانە بەهۆی پێکانی ئەژنۆی دەناڵێنێت و لەماوەی ساڵی ١٩٩٢تا ٢٠١٥ بۆ ماوەی سێ جار لەگەڵ ئەو تیپە یاری کردوە لەم ماوەیەشدا ٤٠ یاری ئەنجامداوە و بیست و چوار گۆڵیشی تۆمار کردوە کە دوایین گۆڵیشی لە ١٤ مانگی حوزەیرانی رابردوو بوو. هەروەها ریڤاڵدۆ هەلی ئەوەشی بۆ رەخسا کە شانبەشانی کوڕەکەی ریڤاڵدینهۆ یاری بکات و بەیەکەوە ببنە دوانەیەکی هێرشبەر. لای خۆیەوە ریڤاڵدۆ لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دوابەدوای یاری لەدژی یانەی لۆڤیردینسی رایگەیاند هەرچەندە دەناڵێنێت بەهۆی پێکانی ئەژنۆی، بەڵام لەئێستادا تاوتوێی ئەو بۆندە دەکات کە لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە پێی گەیشتووە. هەر لەکۆنگرە رۆژنامەوانیەکە ریڤاڵدۆ رەخنەی لەو کەسانە گرت کە داوایان لێ کردبوو واز لەیاری تۆپی پێی بهێنێت و ئاماژەی بۆکرد ژمارەیەکی زۆری یاریزانە بەناوبانگەکان بەردەوامن لەیاریکردن. هەروەها ریڤاڵدۆ روونیکردەوە بۆندێکم لەئەمەریکاوە بەدەست گەیشتووە، بۆیە لەگەڵ خانەوادەکەم بیر لەچۆنیەتی گواستنەوە بۆ ئەمەریکا دەکەم کە لەوێ بژین بۆ کارێکی جیاواز لە تۆپی پێ، بەڵام ئەو ئەگەرە بەدی نایەت، چونکە ئەژنۆم لەبارێکی باشدانیە و من نامەوێت قوربانی زۆر لەوبارەیەوە بدەم، چونکە ئەگەر بەردەوامبم بەمجۆرە ئەوا لەتەمەنی پەنجا یا پەنجاو پێنج ساڵی ناتوانم برۆم.





## لویس ڤان گال:
## بڕواو متمانەیەکی تەواوم بەتواناکانی وێین رونی هەیە

بەڕێوەبەری هونەری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی لویس ڤان گال روونیکردەوە بڕواو متمانەیەکی تەواوی بەتواناکانی هێرشبەر و کاپتنی تیپەکەی وێین رونی هەیە. لەمبارەیەوە رۆژنامەی تەلەگرافی ئینگلیزی لەزاری لویس ڤان گالەوە بڵاویکردۆتەوە هەمیشە بڕوام بەیاریزانانی مان یونایتد هەیە، بەڵام تەنیا رونیمان نەبووە لەهێڵی هێرشبردن هەرچەندە راگەیاندنەکان زۆر داوایان لێکردم کە پێویستە رونی لەهێڵی هێرشبردن دانێیی، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە دوای دوو یاری گومانم لەم بۆچوونە هەبوو. هەروەها ڤان گال وتی قسە دەربارەی دوورخستنەوەی دایڤید دی خیا ناکەم لەیاری تۆتنهام و ئەستۆن ڤیلا، چونکە ئەوە تووشی نائومێدی کردم.

# هەولێر یانەکانی عێراق لە باوەش دەگرێت

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی تۆپی باڵە لە عێراق و بەرەوپێشبردنی زیاتری ئەم یارییە بۆ ئاستی کوڕان دیاریکردنی یاریزانان بۆ هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی، یەکێتیی ناوەندی تۆپی باڵەی عێراق وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی بە ئامانجی زیاتر خزمەت کردنی یاریی باڵە لە شارەکانی عێراق، بڕیارە لە ٢٦ی ئەم مانگە یارییەکانی خولی باڵەی یانە پلە یەکەکانی عێراقی ئەنجام بدرێت ٢٥ یانە کە دابەشکراون بەسەر چوار کۆمەڵە کێبڕکێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و سەرکەوتن بۆ قۆناغەکانی داهاتوو، یەکێتی تۆپی باڵەی عێراق ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی تر بڕیاریداوە کەوا یاریزانانی لە دایکبووانی ساڵی ١٩٩٠بەشداری بکەن لەگەڵ یانەکان لە خولەکە، یانەکانی هەرێمی کوردستانیش سەرجەمیان لە هەولێر گردببنەوە بۆ ئەوەی کێبڕکێ بکەن لەسەر پلێتەکانی سەرکەوتن بۆ قۆناغەکانی داهاتوو، کۆمەڵەی یەکەمیش پێکهاتووە لە هەریەك لە یاریزانان (ئارارات، هێرش، جیهان، نیشتمان، شێخان، قەرقوش، بابەگوڕگوڕ)، شاری بەغدادش هەریەك لە یانەکانی (بەلەد، نەعمانیە، میقدادیە، قزانیا، زەعیم، بیئە) یارییەکانی کۆمەڵەی ناوەڕاست ئەنجام بدەن، شاری نەجەفیش کۆمەڵەی سێیەم هەریەك لە یانەکانی (قاسم، هاشمیە، سنیە، کۆفە، مەدحتیە، مهەناویە) لە خۆ بگرێت، کۆمەڵەی چوارەمیش کە لە شاری ناسریە بەڕێوەدەچێت هەریەك لە یانەکانی (ئەلمەدینە، غراف، فورات، عەلی غەربی، رومێسە، جبایش) لە خۆ دەگرێت، پێشبینیش دەکرێت یارییەکانی ئەم وەرزە ئاستێکی بەهێز بەخۆیەوە ببینێ بەهۆی زۆری ژمارەی یانە بەشداربووەکان لە خولەکە.





# باسکەی زاخۆ تەنیا بۆ خولی کوردستان ئامادەیە

لەگەڵ ئەوەی ئەمساڵ یانەی زاخۆ پارەیەکی باشی بۆ تیپی تۆپی پێی یانەکەی خەرج کردووە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بەڵام بە پێچەوانەی تیپی تۆپی پێ، تیپی باسکەی یانەی زاخۆ کە لە ساڵانی ڕابردوو یەکێك بووە لە تیپە بەهێز و ڕکابەرەکانی خولی باسکەی عێراقی و خاوەنی چەندین یاریزانی عەرەب و پیشەگەر بووە و لەسەر ئاستی یانەکانی عێراقیش ئەنجامی شایستەی بەدەستهێناوە، شان بە شانی یانەی دهۆك، بەڵام لە وەرزی ڕابردوو بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە رووی لە هەرێمی کوردستانی کردبوو و یانەکان پاشەکشەیان کرد لە خولی باسکەی یانەکانی عێراقی زاخۆش بە فەرمی بڕیاری خۆکێشانەوەی لە خولی نایابی باسکەی عێراقیدا، بۆ ئەم وەرزەش هەر چەندە یەکێتیی تۆپی پێی عێراقی بڕیاری مانەوەی هەردوو تیپی سنووری پارێزگای دهۆکی دا، لە خولی نایابی عێراق، بەڵام دەستەی کارگێڕیی یانەی زاخۆ بڕیاری دا، ئەمساڵیش بەشداری خولی نایابی یانەکانی عێراقی نەکات بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە رووی لە یانەکانی کوردستان کردووە و زاخۆشی گرتۆتەوە، بۆیە ناتوانێ بەشداری یارییەکانی خولی عێراقی بکات، حوسێن ساڵح جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی زاخۆ ئەوەی ئاشکرا کرد گوتی: «لەگەڵ ئەوەی ئێمە ساڵانی ڕابردوو بەشداری یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقمان کردووە و ئەنجامەکانیشمان وەکو پێویست بووە، بەڵام ئەم وەزرە ناتوانین بەشداری یارییەکان بکەین و بە فەرمی داوای لێبووردنمان لە سەرۆکی یەکێتیی تۆپی باسکەی یانەکانی عێراق کردووە، ئێمە ئەمساڵ ئارەزووی ئەوەمان هەبوو کە بەشداری یارییەکانی وەرزی نوێی خولی عێراقی بکەین، بەڵام قەیرانی دارایی و کۆکردنەوەی یاریزانان زەحمەت بوو بۆ ئێمە، بۆیە وامان پێ باشتر بوو کە یارییەکان ئەنجام نەدەین و پاشەکشەکردن باشترە لە بەشداریکردن، بەڵام بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان پشت بەتواناکانی یاریزانانی کوردی شاری زاخۆ دەبەستین کە ئەوان هەموو کات ئامادەن بۆ ئەوەی بتوانن لە خولی کوردستان ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەن و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین.

# سلێمانی چارەنووسی نادیارە لە بەشداریکردنی لە خولی کوردستان

هەر چەندە ساڵانە تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی سلێمانی بەشداری یارییەکانی خولی کوردستانی کردووە و ژمارەیەکی بەهێز بووە لە خولەکە، وەرزی ڕابردووش ئاستی یانەی سلێمانی لە خولەکە وەکو پێویست نەبووە، تەنیا پلێتی مانەوەیان لە خولەکە پێبڕاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاهێنەری یانەکە و ژمارەیەك لە یاریزانانی تیپەکە ریزی یانەکەیان جێهێشتووە، بەڵام کارگێڕانی یانەکە تاکو ئێستا هیچ کەسیان بۆ شوێنی ڕاهێنەری پێشوو دیاری نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا تیپی تۆپی پێی سلێمانی بۆ بەشداری لە خولی کوردستان، تاکو ئێستا دەستی بە ئامادەکارییەکان نەکردووە، یاریزانانیش گرێبەستی باشیان بۆ دێت لەلایەن یانەکانی تر، هەندێك لە یاریزانان ریزی تیپەکەیان جێهێشتووە و گرێبەستیان لەگەڵ یانەی تر کردووە، سلێمانیش کاتی دیاری کردنی ئامادەکارییەکانی بە نادیاری هێشتۆتەوە بەهۆی ئەم قەیرانە داراییەی کە رووی لە یانەکە کردووە لە بارەی وادەی دەست پێکردنی ئامادەکارییەکانیش بۆ خولی نایابی کوردستان، بەهمەن غەریب بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەوەی ڕاستی بێت ئەمساڵ ئێمە تاکو ئێستا هیچ ئامادەکارییەکمان نەکردووە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەگەر قەیرانەکانیش بەمشێوەیە بەردەوام بێت، بڕیاری ئەوەمان داوە تەنانەت تیپیش دروست ناکەین بۆ خولەکان،» لەبارەی ئەوەش کە بەڵێنی ئەوەیان پێدرابێت کە لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری بکرێن، بەهمەن گوتی: «نەخێر بەهیچ شێوەیەك بەڵێنی هاوکاریکردنمان پێنەدراوە، ئێمەش لە ئێستادا چاوەڕێ دەکەین بۆ ئەوەی بزانین ئەم بارودۆخە داراییە هەر بەم شێوەیە دەبێت، یان نا، ئەو کات ئێمەش بڕیارێکی دروست لە سەر چارەنووسی تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی سلێمانی دەدەین.»

